ژنی سەرکەوتوو لەدیدی پیاوان

هێڤی بەرواری -ئەڵمانیا

دەربارەی ژیانی خێزان و ئەو ئاریشانەی کەرووبەڕووی بەختەوەری کۆمەڵگا دەبێتەوە تێڕوانینی پیاوان جیاوازە، لەمبارەیەوە کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی پیاوان کراوە کە چۆن ژن دەتوانێت بەختەوەری بۆ خێزان دابینبکات، هەر پیاوێک بەگوێرەی زهنیەتی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژیت چەند خاڵێکی ریزکردووە:

١- هەندێک لە پیاوان رێزگرتن لەنێوان ژن و پیاوان و سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا بەبناغەی ئەو بەختەوەرییە دەزانن، ئەگەر رێزگرتن هەبێت مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی هێمنانە ئاریشەکان چارەسەر بکات بەپێچەوانە ئەگەر رێزگرتن نەبێت ئەوکاتە ژن دەتوانێت لەسەر شتێکی زۆر بچوک گرفتی زۆر گەورە بخوڵقێنێ.

رێزگرتن لەوکاتانەدا زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو خێزانە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی هەرگرفتێک بتوانن گوێ لەیەکتری بگرن، هەندێک لەپیاوان دەڵێن ئەگەر رێزگرتن هەبێت مرۆڤ دەتوانێت نەخۆشییەکان لەماڵەکەی دووربخاتەوە.

٢- سروشت و رووخساری دەرەوە: بە ڕای هەندێک لەپیاوان ئەو ژنە باشە کە بایەخ بە رووخساری خۆی دەدات، واتە بەردەوام لەپێش چاوی پاک و رێکوپێک بێت، بتوانێت زوو زوو مۆدیلی داهێنانی قژی بگۆڕێت و دڵی پیاوەکەی خۆشبکات بۆ ئەوەی پیاوەکەی چاوی لەدەرەوە نەبێت، ئەمانە گرنگن، بەڵام لەمانە گرنگتر ئەوەیە رێزگرتن هەبێت بەشێوەی نەرم و ناسک لەگەڵ یەکتری گفتوگۆیکەن، سەرجەم ئەندامانی خێزان لەگفتوگۆکان بەشداربن.

٣- داخوازی تایبەت: پیاوانی رۆژهەڵات داخوازییان زۆرە بەتایبەت دوای ئەوەی لەسایەی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا جیهان بچوک بۆتەوە بەردەوام پیاو شتی تازەو هاوچەرخ دەبینێت ئەمەش هەندێکجار وادەکات پیاو بکەوێتە چاڵی خیانەتەوە و ئەندامانی خێزانیش لەیەکتری دووربکەنەوە، لەبەر ئەمەش پێویستە ژن زۆر وشیاربن لەم خاڵەدا ئەمەش پێویست دەکات رێگای ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەو ئاریشەیە چارەسەر بکات، ژن دەتوانێت ئەوپەڕی دڵسۆزی و میهرەبانی نیشانی پیاوەکەی بدات، کاتەکانی تەنها بۆ چێشتخانە و بەخێوکردنی منداڵ تەرخان نەکات، بەڵکو پێویستە کاتی تایبەتیش بۆ پیاوەکەی بدۆزێتەوە خۆی برازێنێتەوە، بایەخ بەوشتانە بدات، کە پیاوەکەی دڵی پێخۆشدەبێت.

٤- باوەڕی: ژن لەسەرەتای ژیانی هاوسەریدا هەوڵدەدات هەموو شتێک بکات بۆسەرخستنی ئەو خێزانە، بەڵام هەندێک لەژنان دوای ماوەیەک لەسەر ئەو رێڕەوە لادەدەن داواکارییەکانیان لەتوانای پیاوەکەیان زیاترە ئەگەر پیاوەکەش نەتوانێت سەرجەم داخوازییەکانی بۆ دابینبکات. ئەوکات سەرەتای دەستپێکردنی کێشەکان دەبێت و هەندێکجار جیابوونەوە- تەڵاق- دوا ئەنجام دەبێت، لەبەر ئەمەش زۆر پێویستە ئەو ژنەی دەخوازێت خێزانێکی بەختەوەر بنیادنبێت ئاگاداری رەوشی ئابووری پیاوەکە بێت و ئاقڵانە رەفتار بکات و ئەرکی پیاوەکەی قورس نەکات، داواکاری لەمجۆرەی نەبێت کە پیاوەکەی لەماڵ دووربخاتەوە، بەپێچەوانە ژنی سەرکەوتوو ئەو ژنە بەباوەڕییەوە دەژی، بەهێزو متمانەی خۆی و خێزانەکەی دەژی و رەوشی خێزانەکەی لەبەر دەگرێت و یارمەتی دەدات.

لەنزیکەوە

ئەبو کاروان بۆ «کاروان»:

هەموو ژیانم لە منداڵەکانم دوور بوومە

ئەگەر لاپەڕەی ژیانی هەرکەسێک لە کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵدەینەوە، بەتایبەتی ئەوانەی هەموو ژیانیان بۆ گەل و نیشتمانیان بەخت کردووەو داکۆکیان لە خاک و نەتەوەی خۆیان کردووە، لەو ڕێگەیەدا نزیکترین کەسی ئازیزو هاوڕێی خۆیان لەدەست داوە، دەبینین هەر یەک لەوانە ژیانێکی سەختی پڕ ئازارو یادەوەری تاڵ لەخۆ دەگرێت، هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان بەباشی زانی گۆشەی لەنزیکەوەی ئەم جارەی دیمانەیەک بێت لەگەڵ (ئەبو کاروان) بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووکی حیزبی شیوعی کوردستان:

دیمانە: سەردار زەنگەنە

*** سەرەتا بابزانین ئەبو کاروان چۆن خۆی دەناسێنێ؟**

- ناوی تەواوم (عەبدولڕەحمان محەمەد)ە، لەساڵی ١٩٥٥ لە دێی دوانزە ئیمامی سەر بە شارۆچکەی کفری و لە بنەماڵەیەکی جوتیاری مام ناوەندیدا چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، باوکم و مامەکانم کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو سەردەمە بوونە، هەر لەسەرەتای ژیانمەوە ئەوان تێکەڵ بە سیاسەت بوونە، مامم یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حیزبی هیوا، باوکیشم بەهەمان شێوە، پاشان پێوەندییان بە حیزبی شیوعی عێراقیەوە کردووە، براکانم هیدایەت، دوای ئەمیش نوری کە لە ١٩٦٣/٦/٢٢ دا لەلایەن حەرەس قەومی شەهید کرا، پاش ئەمیش دوو برای دیکەم هەیە، سەلامی براشم لە ١٩٨١/٣/٩ شەهید بووە، دوو خوشکم هەیە یەکێکیان لە ژیان ماوەو ئەوی دیکەیان بە عازەبی

لەگەڵ منداڵەکانم و ئامۆزاکانم ئەنفال کراوە، باوکم لەو کەسانە بووە لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ململانێی چینایەتی رۆڵی کاریگەری هەبووەو داکۆکی لەمافی جوتیارانی ئەو سەردەمە کردووە، دوای شۆڕشی ١٤ تەموزیش بەحوکمی ئەوەی بنەماڵەکەمان رابەرایەتی خەڵکی ناوچەکەیان کردووەو پشتگیرییان لەو شۆڕشە کردووە، باوکم یەکێک بووە لەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ داکۆکیکردن لە مافی جوتیاران، بە تایبەتی ئەو جوتیارە شیوعی و پێشکەوتنخوازانەی لە زیندانداا بوونە، سەردانی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی کردووەو ناسراویش بووە بەوەی زۆر مەردانە رووبەڕووی قاسم بۆتەوەو مەترسی ئەو سەردەمەی خستۆتە بەرچاوی عەبدولکەریم و پێی راگەیاندووە کە پاشەکشێیەک لە هەڵوێستی ئەودا بەرامبەر بە خەڵکی پێشکەوتنخواز بەدی دەکرێت بەلادانێک بەلای شۆفێنییەتدا حسێب دەکرێت.. باوکم و مامم لە دامەزرێنەرانی لقی چواری حزبی شیوعی ئەو سەردەمەبوونەو لە ساڵی ١٩٦٣ بنکەی خۆرنەوازانیان دامەزراندووە.

*** دەتەوێت بڵێیت دەردەسەری و ناخۆشی و ئازاری زۆرتان چێشتووە؟**

- بەڵێ دەردەسەرییەکی زۆرمان بینیووە، لە ساڵی ١٩٦٣ ماڵ و مەڕو ماڵاتمان لە گوندی دوانزە ئیمام بە دەست حەرەس قەومییەوە تاڵان کراوە، لە هێرشێکی حەرەس قەومی بۆ سەر گوندەکەمان، نوری برام کە ئەو کات بەریدی حزب دێنێت، شەهید دەکرێت و دێیەکەمان دەسوتێنرێت، دەربەدەری ناوچەی زەنگەنە دەبین، زیاتر لە ٧ مانگ ئێمە لە نێو کولۆزەکاندا ژیانمان بەسەربردووە و لەبەر گەورەیی خێزانەکەمان دواتر پەرت و بڵاوبوونەوە و هەرچەند کەسێکمان لە شوێنێک بووینە، بەشێکمان بۆ کفری بەشێکی دیکە بۆ (باوەکر).

*** باست لە قۆناغەکانی خوێندنت نەکرد، ئایا ئەم رووداوانە رێگرنەبوونە لەبەردەم خوێندنەکەت؟**

- من تەنها پۆلی یەکی سەرەتایم لە گوندەکەمان تەواو کردووە، دواتر قوتابخانەکەمان لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە سوتێنراوە، پاشان لە کفری دەستم بەخوێند کردەوە، جارێکیشیان بەهۆی ئەوەی وەزعی بنەماڵەکەمان

باوکم یەکێک بووە لەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ داکۆکیکردن لە مافی جوتیاران، بە تایبەتی ئەو جوتیارە شیوعی و پێشکەوتنخوازانەی لە زیندانداا خەباتی کردووە

ئەبو کاروان لەگەڵ خێزانی دووەمی ساڵی ١٩٩٢

له ساڵی ١٩٨٢ زەواجم کردو یەکێک له کارەساتەکانی من ئەوەیە له ڕۆژی هاوسەرگیریمەوە تا ساڵی ١٩٨٤ جار جار شەو له ماڵی خۆمان نووستومە!!

لەمەترسیدا دەبێت بۆ دوو مانگ له قوتابخانە دوورکەوتمەوەو له یادمە کە گەڕامەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا (خالید موفتی) بوو خزمایەتیشی لەگەڵ ماڵی باپیرم هەبوو ڕێگەی پێدام دەوامی خۆم بکەم لەقوتابخانەو له یادمە کە گەڕامەوە، مامۆستایەکمان هەبوو به ناوی (نازمی براڵه سوور) کە بینیمی پێی گوتم، شیوعی کوڕی شیوعی گەڕایتەوە؟ بەهەرحاڵ توانیم له نێوان کفری و دوانزە ئیمام قۆناغەکانی خوێندن ببڕم و تا چواری زانستی بەردەوام بم، له یادیشمە ساڵێک کە له پۆلی چواربووم پێش کۆتایی ساڵ به دوو مانگ، بەعسییەکان لەقوتابخانە فەسلیان کردم، چونکە ئەوکات من بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی حیزبی شوعی بووم و زۆریش قینیان لێم دەبووەوە و چەند جارێکیش دەستگیر کرام، ئەوەبوو دواتر برادەرانی خۆمان پێیان باش بوو کە دەبێت کفری بەجێبهێڵم، کە ئامادەیم تەواو کرد، چووم بۆ ئەوەی له ئامادەیی کشتوکاڵی ریاز بخوێنم و پاش ئەوەی له کفرییەوە زانیاریان لەسەرم نارد، وەرنەگیرام، هەوڵمدا بۆ ئەوەی له خانەی مامۆستایانی هەولێر بخوێنم، لەوێشا بەهەمان شێوە زانیارییەکان بەدوامدا هاتن و وەرنەگیرام، چووم بۆ دهۆک هەر وەریان نەگرتم، بۆ هەر کوێیەک بچومایە زانیارییەکان بەدوامدا دەهاتن و ڕێگر دەبوون لەبەردەم بەردەوامبوونم له قۆناغەکانی دیکەی خوێندم، کاتێکیش کە ئامادەیی کشتوکاڵی زاخۆ کرایەوە، چووم پێشکەشم کرد و نازانم چۆن بوو خۆشبەختانە وەرگیرام و ٣ ساڵ لەوێ مامەوەو ئەو قۆناغەم بڕی ئیدی نەمتوانی لەوە زیاتر له خوێندن بەردەوام بم.

*** باست له ژیانی هاوسەرگیری خۆت نەکرد؟ ئێستا چەند منداڵت هەیەو ناوەکانیان چین؟**

- دیارە من دووجار هاوسەرگیریم کردووە، زۆریش زەحمەتە باس له یەکەم هاوسەرگیری خۆم بکەم، کە ژیانێکی تاڵ و پڕخەفەت بووە بۆ من، من له ساڵی ١٩٧٩ بەنیازبووم لەگەڵ کچێکی مامم پرۆسەی هاوسەرگیری بکەم، دیارە ئەو کاتیش لەنێو بنەماڵەکەی ئێمە کۆمەڵێک گرفت هەبوونەو نائارامییەک له ژیانی ئێمەدا هەبووە، له ساڵی ١٩٧٨ سەلامی برام کە دەبێتە پێشمەرگە، گرتن و راونان له بنەماڵەی ئێمە دەست پێدەکات، بۆیە نەمتوانی لەو ساڵەدا ئەو زەواجە بکەم، پاشان مامم عەزیز دەگیرێت لەمیانەی ئەو گرتن و راونانەی کە دەرهەق به حیزبی شیوعی دەکرێت، هەموو بنەماڵەکەی ئێمە به ژن و به پیاو و به منداڵ دەستگیر دەکرێن و ئیهانە دەکرێن و پاشانیش مامم کۆچی دوایی دەکات و ئەو ئافرەتەی کە دواتر بووە خێزانم کچی ئەو بوو. له ساڵی ١٩٨٢ زەواجم کردو یەکێک له کارەساتەکانی من ئەوەیە لەڕۆژی هاوسەرگیریمەوە تا ساڵی ١٩٨٤ تاکو تەرا شەو له ماڵی خۆمان نووستومە، به شەوی

زاوابوونیشمەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ بارودۆخەکە زیاتر رووی لە ئاڵۆزی کرد، حکومەتی بەعس پلانی زیاتری دادەڕشت، لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی مەلا ئۆمەر (٢٣) پێشمەرگەی ئێمە بە سەلامی براشمەوە شەهید کران، ئەمانە هەمووی کاریگەری زۆریان بەسەر منەوە هەبوو، دواتر ماڵم بردە گوندی (باوەکر)و لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم منداڵمان بوو بە ناوی (کاروان) و لە ساڵی ١٩٨٨ دووەم منداڵمان لە کاتی ئەنفالەکەدا دەبێت و هەموو پێکەوە لەگەڵ خۆشکێکم و چەند ئامۆزایەکم ئەنفال دەکرێن و تا ئێستا چاوم پێیان نەکەوتووە، لەسەرەتادا لە تۆپزاوا دەبن دووجار نامەیان هەبووەو ئیدی چاوم پێیان نەکەوتەوە، زەواجی دووەمیشم دوای راپەڕین لەساڵی ١٩٩٢ بوو و ئێستا دوو کوڕو کچێکم هەیە، گەورەکەیان بە نێوی (دارەوان)ە کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە دایکبووەو لە پۆلی چواری زانستییە، ئەوی دیکەیان بە نێوی (ئایار) کە لەساڵی ١٩٩٦ لە دایکبووەو کچەکەشم ناوی (ئاژانە)یەو ساڵی ٢٠٠٤ لە دایکبووە.

*** بەحوکمی پۆستی ئێستات و دوورکەوتنەوەت لە خێزانەکەت و پێشتریش لەگەڵ خێزانی یەکەمت بە هەمان شێوە، ئەمە نەبۆتە گرفتێک بۆت؟**

- من کەسێکی خاوەن بیرەباوەڕم و بەتەئکید ئەوەش لەناخمەوە ئازارم دەدات، دوورکەوتنمە لە منداڵەکانم، ئێستاش من هەفتەی تەنها یەک رۆژ یان دوو رۆژ لە ماڵی خۆماندا دەنووم، هەندێ جاریش هەفتەی وا هەبووە ئەو یەک دوو رۆژەش ناچمەوە ناویان، منداڵەکانیش زۆرجار گلەیی ئەوەیان لێکردووم، ئەوەی زیاتریشی ئازارم دەدات، کەمتەرخەمیم بووە بەرامبەر بە خێزانی یەکەمم و لەمانیش کەمتر لەگەڵ ئەواندا بوومە و بەهۆی منەوە ئازایان چێشتووە.

*** دەکرێت بزانین هاوڕێیانی ئەو سەردەمەت کێ بوونە؟**

- هاوڕێیانی من زۆر بوون، ناشکرێ ئێستا بەم شێوەیە ناوی هەموویان بهێنم، هەموویان بەڕێز و خۆشەویستی من بوونە و زۆریشیان ئێستا شەهیدن.

*** یادەوەرییەکانی ئەو سەردەمانە ئەگەر شتێکت لە یاد مابێت؟**

- یادەوەرییەکان زۆرن، ئەنفالیش خۆی لەخۆیدا گەورەترین یادەوەری تاڵی منە، شەهیدەکان بۆ من گەورەن، شەهیدەکانی رووبەڕووبونەوەی ئەنفال و دوای ئەنفالیش، نزیکترین کەسی خۆمی تێدا ئەنفال کراوە، کەسێکی دیکەی ئازیزم کە تازە ببووە پێشمەرگەو قوتابی زانکۆ بوو لە کەمینێکی دوژمندا شەهید کراو خۆشم هەرلەو کەمینە بەسەختی بریندار کرام، شەهید جەوهەر و شەهید ئەحمەد بازۆکەو ئەبوڤیان و مامۆستا ئەنوەر، شەهیدکردنیان کاریگەری زۆری بەسەر منەوە هەبوو، ئەمە جگە لەو (٣٤) پێشمەرگە شەهیدەو ئەوانەشی کە ئەنفالکران لە ٩٠٪ ی کەس و ناسیاوی من بوون، ئەوانە بەبەردەوام لە خەیاڵی منداڵن، بەردەوام ئازارم دەدەن.

*** ئێستا پێوەندی کۆمەڵایەتیت لەگەڵ هاوڕێیانت چۆنە؟**

- من بۆخۆم کەسێکی عاتفیم، لە نێو خزم و برادەرانیش خۆشەویستم، لە نێو حیزبە کوردییەکانیش رێزی تایبەتیم لێدەگیرێت، بەردەوام داکۆکیم لەخەڵکی کردووە، لە یادمە جارێکیان ئەمنی خانەقین هاوڕییەکی منیان گرت کە ناوی (بورهان) بوو، لە لێکۆڵینەوە پێیان گوتبوو، تۆ هاوڕێی ئەبو کاروانیت، وەک بزانیت حیزبەکانی دیکە خۆشیان دەوێت، لەوەڵامدا پێیانی گوت، بەڵێ، وتیان حزبە ئیسلامییەکانیش؟ دیسان گوتی بەڵێ، پرسییان، حەز لە پارەو رابواردن و خواردنەوە دەکات؟ یەکسەر پێیانی گوتبوو، ئەوەی من بزانم ئەو کەسە نە حەز بەپارە دەکات و نە بە رابواردنیش، بۆ مەشروبیش، باوەڕ ناکەم، لە وەڵامدا پێیان گوتبوو، ئەو ئەوەندە خۆشەویست بێت و نەحەز بە پارە و نەبە رابواردن بکات و تۆش بەهیچ شتێک هەڵنەخەڵەتێنێ، کوشتنی باشترە.

دووریم لە منداڵەکانم ئازارم دەدات، ئێستاش هەفتەی تەنها یەک رۆژ یان دوو رۆژ لە ماڵی خۆماندا دەخەوم

ئەبو کاروان کاتی پێشمەرگایەتی

نەهرۆ عوسمان

دیسان لێدانی ئافرەتان

لێـــدانی ئافـــرەتان تاوانێکی گـــەورەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەکەی ئێمەدا کە پڕە لە توندوتیژی بەکارێکی ئاســایی دادەنرێت، چونکە باوەڕ وایە گــەر پیــاو لە ئافرەتان بدات بە وتەی پیرێژنان دەڵێن پیاوێکی خدرەو ئازایە لە مـاڵی خۆی، بۆ دەبێ ئازایەتی ئەو پیـاوە ئەوە بێ کە لە ژنەکەی خۆی بدات؟.

هەر بۆیە من دەڵێم توندووتیــژی بەرامــبــەر ئافــرەتان کێـشـەیەکی گـەورەو بەربڵاوە لە کۆمـەڵگەکەی ئێـمـە، بەڕادەیەک دەبینین هەندێجـار ئەم توندوتیـژیەی پیـاو بەرامــبــەر ئافــرەتان بەکــارێکی زۆر ئاســایی دێتــە ئەژمـارکـردن، ئایە دەبێ هۆکـاری لێـدانی ئافـرەتان چی بێت؟ بۆچی پیاوان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی بەرامبەر ژنەکانیان؟

لێدانی ئافرەتان زۆر هۆکاری هەیە، بەڵام کـاریگەرترین هۆکار ئەوەیە کە پیاو هەست دەکات دەسەڵات و پیاوەتی و رێزی لە مـەترسییـەکی گەورەدایە بەم کردارەی دەیەوێ باڵادەستی خۆی بسەپێنێ.

ئەو پیاوانەی کە لە ئافرەتان دەدەن لە کۆمەڵگەکەی ئێمە بەچاوێکی ئاسایی تەمـاشا دەکرێن جا لە هەر ئاسـتێک بێت چ کەسانی رۆشنبیرو پیاوانی سیاسی ...هتد.

هەر لە رۆژی یەکەمی زەواج هەوڵ دەدات ئەو قسانەی کە لە دڵیـدا هەیە بە ژنەکەی بڵـێت کـە چۆن خـۆی بیـەوێت چۆن بڕوات و بچێت و بشیـەوێت هاوڕێیەتی کێ بکات و چەندجار سەردانی ماڵی باوکی بکات.

دەبێ ئافرەت بۆ ئەوە خوڵقابێ تەنها ئارەزووەکانی پیاو جێبەجێ بکات!؟

دەبێ پیـاوان ئەوە بزانن هەردەم ئافـرەت پیـاوەکـەی خـۆی خۆشتر دەوێت تەنانەت زۆرجاریش ژنان مێردەکەیان وەک رەمزێک تەماشا دەکەن.

چیبکەین بۆ ئەوەی منداڵەکانمان باوەڕیان بەخۆیان بەهێز بێت؟

سۆزان عەلی

کیـتس دەڵی «مرۆڤی پشت بەخۆ بەستوو، ئەو مرۆڤەیە کـە رێزو سـەنگی خـۆی رابگرێت و باوەڕی بەخـودی خـۆی هەبێت و خۆی بەشایستەی رێزگرتن بزانێت»!

دەسـتپـێکی ژیانی هەمـوو تـاکێک، دەسـتپـێکێکی زۆر گـرنگ و پڕ بایەخـە بۆ ئایندە دروسـتکردن و پاشـەڕۆژی کـەسـێـتی ئادەمـیـزاد. لەبەرئەوەی منداڵ کەسـێکی هەست ناسک و لاوازو بێـدەسـەڵاتە پشت بەکـەسـانی دەوروبەر دەبەسـتـێت، بۆ بەردەوام بوونی لەژیاندا، واتە دەوروبەر کـاریگەری تەواویان لەسـەر پەروەردەی ئەو منداڵە دەبێت، چۆن ئاراسـتەی بکەن ئەوا دێتـەوە، واتە ئەگـەر منداڵ لەناو ژینگەیەکی هێـمـن و بێ کـێـشـە پەروەردە بکرێت ئەوا کەسێتی ئەو منداڵە لەداهاتوی تەمەنیدا کەسێتیەکی باش و هێـمن دەبێت. ئەگـەرچی ئەمـە لەپەروەردەی کۆمـەڵگەی ئێـمـەدا بۆشـای دروسـتکردووە، چونکە ژینگە حـزووری پڕلەشەڕوو شۆڕەی کە لەقۆناغـەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەدا هەبووە، بەڵام کاریگەری خراپ و توندیژی لەسەر دەروونی تاکەوە جێهێشتوە. بۆیە پێویستە ئەو ژینگەیە بەشێوەیەکی ئـامـادەکـراو باش بڕەخـسـێـنرێت تاوەکـو ئەو منداڵە بەشێـوەیەکی تەندروسـتیـانە گـەشـەبکات. بۆنموونە منداڵ لەتەمەنی بنچینەوە واتە تەمـەنی ٥سـاڵیـەوە لەناوخێـزاندا وشە پڕماناو باشەکان، لەهۆش و دەروونی منداڵدا پەروەردە بکات. ئەوە فـێری دەکـات چۆن بیـر بکاتەوە لەو تەمـەنە منداڵیەدا پرسیارە قەتیس ماوەکانی تەمەنی منداڵی خۆی بەسـەربەسـتی بکات بۆ ئەوەی تاکێکی پڕ باوەڕو بێـتـرسی لێدروست ببێت. فـاکـتـەرێکی تری گـرنگ کـە کـاریگەری راسـتـەوخۆی دەبێت لەسـەر کەسـێتی منداڵ ئەویش چۆنێتی مامەڵە کردنی منداڵە لەکاتی پرسیارکردنەکـانیدا. نابێت بەهیچ جـۆرێک بیر لەوە بکەینەوە کەئەمە منداڵەو چیـەتی لەپرسـیـارێکی لەو جـۆرە چونکە پرسـیـارکـردن قـەبارەی بیـرکـردنەوەی منداڵ گـەورەتر و فـراوانر دەکـات و منداڵ لەقۆناغـێکەوە و دەگـوازێـتـەوە بۆ قۆناغـێکی گەشـەکردوو. ئەگـەر هاتوو لەتەمـەنی سـەرووی ٦سـاڵیـەوە فـێـری خوێندنەوەی منداڵی خۆیت کرد، ئەوا ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

کەژاڵ ئیسماعیل:

لە کۆمەڵگە نێرسالارییەکاندا توندوتیژی دیاردەی بەرچاوی ژیانی ژنانە

ئا: حەمید قەلادزەیی

زۆرێک لە بیرمەندان پێیان وایە ژن بەهۆی پێکهاتەو شێوەی هەڵکەوتەی خۆیەوە دەچەوسێنرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاواز هەیە لەنێوان ئاینە ئاسمانیەکان، لەلایەکی تر دەسەڵاتی کلتوورو نەریتەکانیش هێزێکە هەمیشە حزوری هەبووە و هەیە، کەواتە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێک رەهەندی جیاواز، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەمەڕ ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان رووبەرووی خاتوو (کەژاڵ ئیسماعیل) چالاک لە بواری مافەکانی ژنان کرد، بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.

*** ئەگەر باس لە واقیعی ئێستای کوردستان بکەین، بەڕای تۆ تاچەند بوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری و زەوتکردنی مافی ژن بۆتە هۆکار بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان؟**

– واقیعی ئێستاو پێشتری کۆمەڵگەی کوردستان هەرچەن بە روخسارو دیمەنی دەرەکی گۆڕاوە، بەڵام حاڵ وەک خۆیەتی لەنێوەڕۆکدا، پیاو هەرسالارە و ژن مافخوراو و کەسی دووەمی نیو کۆمەڵگەیە، لە هەموو کۆمەڵگە نێرسالارەکاندا توندوتیژی دیاردەی بەرچاوی واقعی ژنە، واتە پیاو باش نییە و هەماهەنگی ئازارو خۆشی و ناخۆشییەکانی نییە، کەوابوو ژن مافخوراوەو بێبەشە لەزۆرینەی هەقە ئینسانییەکانی، لێرەدا دژایەتییەک دروستبووە وەک دژایەتی نێوان دوجەمسەری ساردوگەرم، شۆڕشێک لەناخی ژندا هەڵگیرساوە و پێی وایە

بەتەنها پیاو پێویستی بە خزمەت و چاودێری و سۆز نییە، بەڵکو ژن زیاتر بەحوکمی ئەوەی زیاتر رۆمانسییانە بیردەکاتەوە و حەزی بە خۆشەویستی و نازوسۆزی پیاو هەیە

تۆڵەسەندنەوە بەهەر رێگەیەک بێت چارەسەری کێشەکە دەکات و دورنییە بە لادان و فرۆشتنی دامەنی خۆی ئەو رقە دەربڕێت کە کۆمەڵگە حیسابی خیانەتی بۆ دەکات (ئەوەی جێی داخە ئەو حیسابە بۆ پیاو ناکرێت و لەکۆمەڵگەی کوردیدا وتراوە هیچ لەپیاو عەیب نییە).

پێموایە ئەنجامی توندوتیژی خێزانی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان ئەو راستییەی سەلماندووە وزۆر رێکەوتووە و ئێستاشی لەسەربێت. (ژن.. خوشک، دایک، هاوسەر،

ڕۆشنبیری تاڕادەیەک کاریگەری هەیە و کەمتر هاندەری بڵاوبوونەوەی دیاردە ناشرین و زیانبەخشەکانی نێو کۆمەڵگەیە

کچ) لەخـــزاندا لەئەنجـامی نابەرابەری و پەراوێزخستن و زۆرجـاریش هەبوونی بۆشـایی سۆزداری و خۆشەویستی و لێدان و ڕێگرتن لە خوێندن یان شوکردن یا کارکردن .. حاڵەتی تۆڵەکـــردنەوە ڕویداوە، بەڵام لە ڕێگەیەک کـەپیـاوی پێـشکابێت یان ئازاردرابێت کـە ئەویش (هەڵاتن، ڕەدوکەوتن، خیـانەتکردن) کە بەداخەوە ئەنجامەکانیان لادان و تێکەڵبوونە بەجیهانی ناوازەیی و خۆلەیادکردن .

*** پێت وایە بوونی قەید و بەندەکان دەتوانن سنور دابنێن، یاخود بە کرانەوە و ڕۆشنبـیری زیاتر دەکرێ؟**

– ئەگـەر لەقـەیدو بەند مـەبەسـتی ئێـوە قەیدو بەندی خێزان یان کۆمەڵگە بێت باوەڕم نییـە، خۆ ئەگـەر وابوایە یان بە پێی ئەو قەیدو بەندە فـەرزکراوانەی خێـزان و کـۆمـەڵگە بوایە دەبوو لەنێـو هەندێک وڵاتی وەک سـعـودییـە و وڵاتانی کـەنداوی عـەرەب یان ئێـران دیاردەی بەرەڵڵایی نەبوایە، بەڵام ئەوە، دەیبـیـسـتین و ڕاسـتـەوخـۆ دێتـە بەرچاو و گـوێمـان شـتـێکی دیکەیە ... بۆ نمونە وڵاتی میسر بە یەکێک لەو وڵاتانەی دنیـا هەژمـار دەکـرێت کـە پابەندە بە ئایینی ئیـــســـلام و وەک خـــۆیان دەڵێن: مـوتەحەفـیـزن کـەچی لە زۆربەی وڵاتانی دنیـا ڕێژەی لادان و خراپەی تێدا ئەنجـامدەدرێت کە هۆکـارەکـانیـان ئاشکران، کـەوابوو هەرگـیـز قـەیدوبەندەکـان سنوردانانێن بۆ زیادکـردن یان کەمکردنەوە.. لەوانەیە تاڕادەیەک کاریگەرییان هەبێت لەســەر شـاردنەوە و بەنهـێنیکردنی، بەنسـبـەت بەشی دووی پرسـیـارەکـە ئامـاژەت بەڕۆشنبـیـری و کـرانەوە کـردووە دەمـیـان زیاتر کـاریگەری هەیە.. پێـمـوابێت ڕۆشنبـیـری تاڕادەیەک کـاریگەری هەیە و کـەمـتـر هاندەری بڵاوبوونەوەی دیاردە ناشرین و زیانبەخشەکانی نێو کۆمەڵگەیە.. کردنەوە بەمەبەستی کردنەوەی چی؟ ئەقـڵی ئینسـان؟ کردنەوەی خێـزان بەڕوی کـۆمـەڵگەدا یان کـۆمـەڵگە بەڕوی جـیـهـاندا؟ لەهەریەک لەو حـــاڵـەتانەدا کـــرانەوە واتە کرانەوەی چاو، مێشک و فیکری ئینسانەکان، واتە هاتنەدەر لە لائەقـڵانیـیـەت و چونە نێـو ئەقـڵانیـیـەت، واتە گـۆڕینی دۆخی ژیان و هەڵسـوکـەوتی ئینسـان، کـەوابوو هەرگـۆڕینێک بەرەوباشـتـر دەرئەنجامی باشتری دەبێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤی نێـو کـۆمـەڵگە ڕاسـتـیـیـەکـان سـەراوژو نەکات و وەکـخۆی مـامـەڵەیان بکات ئەوکـات ڕاسـتـیـیـەکـان ئەگـەری دەسـتکاربیـان ئەبێت.

*** بێگومـان هەژاری گـرفـتی هەمـوو ئەو گـەلانەیە کـە دەبێـتـە بەهێـزترین پاڵنەر بۆ تەشەنەکردنی هەموو کارە قێزەونەکان، بەڕای تۆ حکومەتی کوردستان چ ڕێگاو شوێنێک بگرێتە بەر؟**

– حکومـەت بەرپرسـە لە بڵابونەوەی هەر دیاردەیەک، مەبەستمە بڵێم: هەژاری کۆمەڵگە دەگـەڕێتـەوە بۆ چەندێتی و چۆنێـتی ژێرخـانی ئابوری دەسـەڵات، پێم وابێت لەکـوردسـتـان حکومەت هەژار نییە و بایی ئەوە داهاتی هەیە کە بتـوانێت لە ڕێگەی دروسـتکردنی کـارگـەو پرۆژەکانییەوە هێزی کار بێنێتە ئاراوە و ژنانی بێکار و هەژار سـودمەندبن.. یان مـوچەی باش بۆ خـێـزانە هەژارەکـان دابینبکرێت نەک بڕی (٣٠) هەزار دینار کەمەسرەفی ژەمە خواردنی ریسـتـورانێکی نێـوشـارە، دواتر کـردنەوە و بایەخدان بە و خانانەی کـە منداڵان یان کچ و ژنانی هەژار و بێکەسی تێـدا بەخـێـو دەکـرێن واتە خـانەکـانی چاودێری کـۆمـەڵایەتی و ڕێکخـراوە مـەدەنی و حکومـیـیـەکـان..

بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو سەرجەم چین و بزاڤەکانی کۆمەڵگەدا .. گەلێک رێگە هەیە دەسەڵات دەتوانێت بیانکاتە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی هەژاری

***تاچەند نەبوونی سۆز و خۆشەویستی لەنێوان هاوسەراندا بە فاکتەر دەزانی بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان و سەرهەڵدانی گرفتەکان؟**

– بوونی سۆز و خۆشەویستی فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگە بۆ مانەوە و درێژیی ژیانی هاوسەرێتی، حەتمەن ژن وپیاو وەک دووکائن نە توانایان هەیە بێیەک بژین نە یەکیان دەستبەرداری ئەویدیکە بێت بەدرێژایی ژیان، هەردووکیان وەک یەک هەڵگری بڕێکی زۆر هەست و سۆزن و لەنێوانییەکدا ئاڵوگۆڕیدەکەن تاوەکو درێژە بەژیان بدەن، خۆشەویستی بەتەنها هیچ رۆڵی نییە، هەزاران خێزان لەسەربناغەی خۆشەویستی دروستبوونەو دواتر هەرەسیان هێناوە و هەڵوەشاون، پەیوەندییەکانی نێوان ژن وپیاو وەک پەیوەندیی و یەکگیری ئەندامەکانی جەستە وایە، هەرئەندامێک لەکارکەوت یان تووشی شکستهات تەواوی جەستە دێتە شکست و کاری ناتەواو دەبێت، بۆیە پێموایە چ ژن یا پیاو لەنێو پرۆسەی هاوسەرگیریدا خۆشەویستیان کەمبوویان نەما ئەوخێزانە تادێت بەرەو روخان و شکست دەچێت، بەتەنها پیاو پێویستی بە خزمەت و چاودێری و سۆز نییە بەڵکو ژن زیاتر بەحوکمی ئەوەی زیاتر رۆمانسییانە بیردەکاتەوە و حەزی بە خۆشەویستی و نازوسۆزی پیاو هەیە، کاتێک ژن لەنێوخێزانی خۆی خۆشەویستی و سۆزی پێنەدرا دیارە فەراغێکی عاتفی دروست دەبێت و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یان ئەو کەموکوڕییە لەژیانیدا لەدەرەوەی خێزان بەدوای دەگەڕێت هەڵبەت پیاویش بەهەمانشێوەکەوابوو زۆربەی ئەو کێشانەی رووبەڕوی خێزان دێن لەئاکامی نەبوونی خۆشەویستی و ساردی ژن؛ و پیاو و پەیوەندییە رۆحی وجەستەییەکان دروست ئەبێت.

*** لەگەڵ ئەوەی مرۆڤایەتی بەسەر ئاینەکاندا دابەشبووە، هەر وەک چۆن کلتوورەکانیش جیاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو هەموو ئاین و دەسەڵات و کلتوورێکدا هەندێ لە خوورەوشتەکان بەردەوام هەبوون و دەشبن، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ نەتوانراوە لەرێگای کلتوورو ئاینەوە تا دەسەڵاتەکان سنورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێ و هەموو ئەو رێی و شوێنانە بگیرێتە بەر کە تا ئێستا نەگیراونەتەبەر؟ مەبەستم ئەوەیە بە میکانیزمێکی تر کاری لەسەر بکرێ؟**

– پێموانییە پەیوەندی بە ئایین و مەزهەب یان کەلتورەوە هەبێت، کۆمەڵێک دیاردە هەیە لەتەواوی دنیادا مومارەسەدەکرێت، بێجیاوازی.. بەڵام بەپێی ئاین وکەلتوور مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و هەر کۆمەڵگەیەک تێڕوانین و چارەسەر و سزای خۆی هەیە، وەک پێشتر باسمکرد دەسەڵات بەرپرسە لەدابینکردنی پێداویستی و مافەکانی ئینسان لەنیو سنوری دەسەڵاتیدا با رۆڵی خێزانیش لەیاد نەکەین، لەچۆنێتی پەروەردەکردنی منداڵدا کە بەرای من بەشێکی زۆری رێژەی ئەو دیاردەیە بەندە بەو نیزامەی خێزان مومارەسەی دەکات لەگەڵ منداڵدا، جگە لە رەنگدانەوەی بارودۆخی گوزەران و چۆنێتی پەردەکردنی منداڵ و ئەوکێشە دەرونی و کۆمەڵایەتییانەی لەمنداڵیدا روبەڕوی هاتون زۆربەی ئەو دیراسانەی لەسەر ئەوکەسانە ئەنجامدراون بەکاری لەشفرۆشی خەریکن سەلماندویانە لەمنداڵیدا رووبەڕووی لێدان یان توندوتیژی هاتون یان دوور لەدایک و باوک گەورەبون بەهۆی جیابونەوەیان یان بەرێگەی ناشەرعی دروستبون و باوکیان ناناسن یان دایکیان .. ئەمانەو کۆمەڵێک کێشەی دیکە، دوای خێزان پەروەردە دەتوانێت لەرێگەی مەنهەجی خوێندنی تایبەت لەخوێنگاکاندا بۆ لەناوبردنی ئەودیاردەیە هەوڵبدات هیچ نەبێت وەک کاریسەیەکی ئینسانی خراپ باسی لەوە بکات.

*** پێتوایە یەکسانبوونی ژن و پیاو زۆرینەی گرفتەکان چارەسەر دەکرێن؟**

– وەڵامێکی تەخمینی دەوێت، چونکە ئەگەرێکی دوورە و ئەو یەکسانیە نەبەئاسانی نە بەم نزیکانە دەستەبەر بێت، مەگەر چاوەڕێی موعجیزەیەکی وابین کە رای هەموو ئایین و مەزهەب و یاساو کەلتورەکان یەکخات، دواتر لەوانەیە ئەو کاریگەرییەی نەبێت، ئەگەر وایە ئەی بۆ لەو وولاتانەی ژن و پیاو یەکسانن دیاردەکە زیاترەو بەئازادیی تاک چاولێدەکرێت!؟

شێرزاد عەبدولڕەحمان

* ئەو زەمەنە تاڵە، زۆر خەمی لەگەڵ خۆی هێنا، یەک لە خەمەکان، کزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و رۆچوونی هەندێ داب و نەریت بوو، کە بێ ئومێدی لە دڵی خەڵک دەسڕییەوە.

* جاران، پرسە، خەمڕەوێن بوو، ئێستا لە ئەنجامی ئاوابوونی ئەو بەها جوانانە، زۆرجار، پرسەش بووە بە مۆدیلێک بۆ خۆدەرخستن و مۆزایەدە... دەڵێم (موزایەدە) چونکە زۆر کەس فێربوون بۆ موجامەلەکردن لەگەڵ (بەرپرسان) لەو پرسانە، نەک هەر ئامادە دەبن، بەڵکو لە ساحێب پرسە زیاتر خۆیان حەزین دەکەن و بگرە دەگرییێن، لە کاتێکدا کە ئەگەر هاوکارێکی خۆیان پرسەی دایک و باوکی بێت، فاتیحایەک ناخوێنن!

* هەندێ خەڵک، فێربوون لە پرسە، بەدوای مەسئولدا دەگەڕێن و هەرسێ رۆژ دادەنیشن، تا زۆرترین مەسئول بیان بینن، خۆیان وانیشان دەدەن کە زۆر خەمیانە، هەندێکیشیان بە پێوە دەوەستن و بەگەرمی (لەجیاتی ساحێب تازیە) بە خێرهاتنی میوانەکان دەکەن.

* ئەمانە، لە هەموو پرسە و بۆنەیەک حازرن، زۆر حەز لە خزمەتی مەسئول دەکەن و خەون بەوە دەبینن رۆژێک لە رۆژان مەسئولێک تازیەی هەبێت، لەوە باشتر نابێ کە وەلائی خۆیان دەربڕن!

* بەڵێ... ئەمڕۆ زۆر لە پرسەکان بوونەتە مۆدە..لەوێ... باشترین فرسەتە بۆ (وەلاء) دەربڕین و موجامەلەیەک کە لە گەورەیی پرسە کەم دەکاتەوە...

* ئەمەیە روخساری ئەو سەردەمە تازەیە، کە کەم حاڵەت دڵت خۆش دەکات و دەیان حاڵەتیش نیگەرانت دەکات!

بڕوانامەی ڕێزلێنان بە دکتۆر عزەت مەلا عەلی دەبەخشرێ

ئا: هێمن محەمەد
فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

لە درێژەی کارو چالاکییەکانیدا، ڕێکخراوی (ئاشتی) خێرخوازی لە تەلاری ئەنجوومەنی وەزیران لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٢٠دا لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا، بڕوانامەی ڕێزلێنانی بە دکتۆر عیزەت مەلا عەلی کارگێڕی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشی.

ڕێکخراوی ئاشتی خێرخێوازی لە ٢٠٠٩/٢/١٦ دامەزراوەو کار بۆ ئاشتی و تەبایی و بەیەکەوە ژیان و خزمەتکردن بەبواری مافی مرۆڤ و ژنان و پاراستنی لێقەوماوان و کەمدەرامەتان دەکات تا ئێستا کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراوی کورد لەلایەن ئەم ڕێکخراوە خەڵاتکراون لەوانە بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی کە توانیویەتی ڕۆڵێکی کارا لە عێراقی تازەدا ببینێ، هەروەها هەریەکە لە شێرکۆ بێکەس و فاروقی مەلا مستەفاو د.دیندار زێباری و محەمەد ئیحسان و نەوزاد هادی و فوئاد حوسێن و د.نەجمەدین کەریم و مەزهەری خالقی و چەند کەسایەتییەکی دیکە خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێدراوە.

(دلێر نەقشبەندی) سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان گوتی: ڕێکخراوەکەمان تا ئێستا کۆمەڵێک کەسایەتی خەڵاتکردووە کە جێدەستیان لەخزمەتکردنی خەڵکدا هەبووە و توانیویانە کاری داهێنانە ئەنجامبدەن (د.عزەت مەلا عەلی)یش وەک یەک لەو کەسانەی کە تا ئێستا توانیویەتی لەکارەکانیاندا خزمەت بە هاوولاتییان بەبێ جیاوازی بکات و کارئاسانی زۆر بۆ هاوولاتییان پێشکەشبکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و خەڵاتکردنە، هەروەها ناوبراو لە ڕابردووشدا کاری جوامێرانەی ئەنجامداوە لەوانە سەروبەندی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١دا کۆمەکی زۆری خەڵکی لێقەوماوو دەربەدەری کردووە. دلێر نەقشبەندی گوتیشی: ئەم خەڵاتەی بۆ دکتۆر (عزەت

مەلا عەلی)مان تەرخانکردووە سیمبۆلێکی زیوین بوو یەکـــەمین کـــەســـە لەلایەن رێکخراوەکەمانەوە خەڵاتێکی لەم جۆرەی پێشکەشبکرێ.

لەبەرامبەر ئەم رێزلێنانەدا (دکتۆر عزەت مەلا عەلی) کارگێری دارایی ئەنجوومەنی وەزیران ســتــایشی رێکخــراوی ئاشــتی خێرخوازیکردو بە هەرێمی کوردســتــانی راگــەیاند: من پێـــمـــوایە هاوولاتیـــانی کوردستان شایستەی ستایش و رێزلێنانی زیاترن و دەبێ هەمیشە لە خزمەتیان دابین بۆ راییکردنی کارەکانییان و گەیاندنی داواکاری و رەخنەو پێشنیارەکانیان بۆ شـــوێنی مـــەبەست، ئەمـــەش ئەرکـــە لەسەرشانمان کە پێویستە بەپەرۆشەوە لەخـزمـەت هاوولاتیـیـان دابین بۆ ئەوەی بتوانین باری سەرشانیان سووک بکەینەوە ئەگەر ئاستی داواکاری خەڵکیش لە توانای ئێـمـە دانەبووبێ بە سـەرووی خـۆمـان گـــەیاندووە و هەوڵـمـــانداوە زۆرترین کارئاسانییان بۆ بکەین.

یەکەمین کۆنفرانسی خانمانی کورد لە دەرەوەی وڵات

دەریا/ئەڵمانیا

بەسەرپەرشتی (گرووپی خانمانی کورد) لە شاری میونشن لە هەفتەی رابردوو یەکەمین کۆنفرانسی خانمانی کوردی دەرەوە بەرێوەچوو، ئەم کـۆنفـرانسـە کـۆمـەڵێک خـانم هەسـتـاون بە بـەرێـوەبـردنـی لـەنـاوەوەو دەرەوەی کوردستان، هەروەها خانمانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەتایبەت ئەو خانمانەی کار لەبواری کێشەی ئافرەتاندا دەکەن بەشداریان تێدا کرد.

ئامـانجی ئەم کـۆنفـرانسـەش لەوەوە سەریهەڵداوە، کە کارێکی هاوبەش لە نێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا بکرێت، لەگـەڵ خـانمانی ئەڵمـانیـا، بتوانن هاریکاری یەکتر بکەن، بۆ ئەم مەبستەش (نیاز جاف) سەرپەرشتیاری گـرووپی نێـرگـزی خـانمانی کـورد لە مـیـونشن گـوتی: باری سـیـاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد وای کردووە کە ژنان شانبەشانی پیاوان کارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، هەربۆیەش دووچاری گـەلێک سـتـەم و توندوتیژی دەبنەوە، وەک زیندانیکردن و کـوشتن، بێ لەوە لەپاڵ ئەمـانەشـدا، کۆمەڵگەی پیاوسالاری هانی پیاوانی داوە بۆ کـوشـتنی ژنان بە پاسـاوی پاراستنی شەرەف و لەپێناوی شەرەفی تاکەکەسی خۆیدا سالانە چەندین کچ و ژن دەکوژرێت، گەرچی خۆشبەختانە باشووری کـوردسـتـان ئازادەو سـەربەخـۆیی خـۆی لەدەستی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی کورد نەیانتوانیوە مافەکانی خـۆیان بەدەست بهـێنن وەک ئافـرەتانی وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان بۆیە، هێشتا زەبروزەنگی کۆمەڵگە جێپەنجەی خۆی وەک مۆرکێ بەسەر ئافرەتەوە جێهێشتووە. ئێـمـەش بەپێـویسـتـمـانزانی و ئەرکی سەرشانمانە کە لەدەرەوەی وڵات بتوانین خـــزمـــەتی پێگەی ژن بکەین بەهاریکاریکردنی خـانمانی ئەڵمـان و سـوود وەرگـرتن لە ئەزمـوونی ئەوان و جۆری کارەکانیان...

لەم کۆنفرانسەدا دەمانەوێت کاری باشتر بکەین بۆ ژنان، بتوانین سیاسەتمەدارانی کورد و لایەنە پەیوەندیدارەکان کار بۆ مافەکانی ژنان دەکەن، گفتوگۆیان لەگەڵ ساز بکەین و خانەیەکی پەنابەری بۆ ئەو ژنانە ئامـــادە بکەین، تا لەو رێگـایـەوە تـووندوتـیـــــژی دژیان کـەمـبکرێتـەوە، هەروەها لە رێگای گێڕانی و وەرکشۆپەوە بتوانین خزمەتی دەروونی و جـەسـتـەییـان بۆ ئەنجـام بدەین، بەو هیـوایەین کـە بتـوانین، بەهاریکاری هەمـوو لایەکـمـان ئەم پرۆسـەیە بەرەوپێـشـەوە بەرین و بەردەوامبێت..